قوباد تاڵەبانی: حکومەتی هەرێم و یەکێتی پشتگیری پرسی ئاشتی لە تورکیا دەکەن

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێم ئەمڕۆ پێشوازی لە نوح یەلماز، جێگری وەزیری دەرەوەی تورکیا کرد و باس لە پرسی ئاشتی و دۆخی هەرێمی کوردستان و گفتوگۆکانی پێکهێنانی کابینەی 10یەمی حکومەت کرا، هەروەها هەردولا هاوڕا بوون لەسەر گرنگیی پتەوکردنی پەیوەندییەکان کە لە ئێستادا بەرەو ئاستێکی باشتر دەڕوات.

نوسینگەی ڕۆژنامەوانی قوباد تاڵەبانی ئەمشەو لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، قوباد تاڵەبانی، پێشوازی لە نوح یەلماز، جێگری وەزیری دەرەوەی تورکیا کرد و پێکەوە چەند پرسێکی جێی بایەخی هەردولایان تاوتوێ کرد

ئاماژەی بۆشکرد، باس لە دوا پەرەسەندنەکانی پرسی ئاشتی لە تورکیا کرا. لەبارەیەوە قوباد تاڵەبانی جەختیکردەوە لە پشتگیریکردنی حکومەتی هەرێم و یەکێتیی لە پرسەکە و ڕایگەیاند، ئامادەن بە هەر جۆرە هاوکارییەک لەپێناو سەرخستنی ئاشتی لە تورکیا.

بەگوتەی ڕاگەیەندراوەکە، لە تاوتوێکی دیکەی کەبونەوەکەدا، باس لە دۆخی هەرێمی کوردستان و گفتوگۆکانی پێکهێنانی کابینەی 10یەمی حکومەتی هەرێم کرا. قوباد تاڵەبانی ئاماژەی بۆدا کە

گفتوگۆکان بۆ ئاراستەیەکی باشدا دەڕۆن و نیەتی باش هەیە بۆ ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەتێکی کارا و بەهێز کە لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی هاوڵاتیاندا بێت.

ئۆمێد خستەو، لێتوێژێکی دیکەدا باس لە پێوەندییەکانی یەکێتی و تورکیا کرا. هەردولا هاوڵابون لەسەر گرنگیی پتەوکردنی پێوەندییەکان کە لە ئێستادا بڕەو ئاستێکی باشتر دەوات.